# توخمە کلتوری زمان

## ڕوانینێکی مرۆڤناسی

**دارێژ وریا محمد**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

لەگەڵ دروستبونی مرۆڤ، بۆ دروستکردنی پەیوەندی و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، زمانیش هاتۆتە کایەوە، قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردوە، تا گەشتۆتە ئەم قۆناغە. زمان تایبەتمەندییەکی مرۆڤە جیایدەکاتەوە لە بونەوەرانی تر و، یەکێکە لە پێویستییە سەرەکیەکانی مرۆڤ بە مەبەستی ژیانکردنی کۆمەڵایەتی و کارکردنی ڕۆژانەی.

مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆجیا Anthropology) توێژینەوەیە لە مرۆڤ وەک بونەوەرێکی عاقڵ و خاوەن کلتور، زمانیش یەکێکە لە توخمە کلتورییە بنەڕەتیەکان و لە هەمانکاتدا گوێزەرەوە و بڵاوکەرەوەی کلتوریشە و ئامرازی گەیاندن و دروستکەری پەیوەندییەکانە، کە ئەمەش گرنگیەکەی دەردەخات، بەوپێیەی بونیادی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان لەسەر بنەمای پەیوەندییەکان پێکدێت، بۆیە لە مرۆڤناسیدا زمان پانتاییەکی بەرفراوانی هەیە.

زمان گرنگیی ڕیشەیی و بنەمایی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، ڕاستە تایبەتمەندێتی زانستی زمان ئەوەیە کە توێژینەوەی زمان دەکات و لە ئاستێکی قوڵی زمانەوانیدا شیکردنەوەی بۆ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا وەک توخمێکی کلتوری دەبێتە بواری بەدواداچون و توێژینەوەکردنی مرۆڤناسی. لێرەوە بابەتی توێژینەوەکە دەخرێتەڕو کە ئایا مرۆڤناسی چۆن دەڕوانێتە توخمی کلتوریی زمان؟ ئایا لە پەیوەندیدا بە کلتور و وەک ڕەگەزێکی کلتوری چۆن دەچێتە ناو بواری مرۆڤناسییەوە؟ گرنگیەکەشی لەوەڵامی ئەم پرسیارەکانەدا دەردەکەوێت، ئامانجیش بۆ ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی تیۆری دەرخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤناسی و توخمی زمانە بەگشتی و، ئاماژەدانە بە پێکهاتە و ئەرکی زمان وەک توخمێکی کلتوریی گرنگ و، دەرخستنی دۆخی زمانی کوردییە لە پەیوەندیدا بە ناسنامەی کلتورییەوە.

زمان و کلتور لە پەیوەندیەکی دیالێکتیکیدان، زمان توخمێکی واتایی کلتورە و بەشێکە لە کلتور و لە هەمانکاتدا گوێزەرەوە و پارێزەری کلتوریشە، کاتێک کلتور بریتییە لەو گشتە ئاڵۆزەی تاکەکەس وەک ئەندام لە کۆمەڵگادا وەریدەگریت، زمان گرنگیەکەی دەردەکەوێت، بەوپێیەی زمان ئامرازێکی سەرەکیی وەرگرتنەکەیە. گرنگیی زمان لە ناساندنی کلتوردا بەڕادەیەکە، کە گوتراوە زمانی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەک کلیلێکە بەهۆیەوە دەتوانرێت کلتورەکەیان بناسرێت. هەروەها زمان پەیوەندیەکی بە هێزی بە ناسنامەی کلتوری و نەتەوەییەوە هەیە و بە بنەمایەکی جێگیر و ڕیشەیی ناسنامە دادەنرێت، لە دەرەنجامدا زیاتر لە ژێر کاریگەری هۆکارە دەرەکیەکان گۆڕان لە زماندا هاتۆتە کایەوە و ئەمەش



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

کاریگەریی ڕێژەیی لەسەر کۆی توخمە کلتورییەکانی تر و ژیانی کۆمەڵایەتی داناوە.

**کلیلە وشەکان:** مرۆڤناسی، زمان، کلتور، ناسنامە.

**Article Info:**

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11
**Received:** 16-Oct-2022
**Accepted:** 19-Dec-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author E-mail:**
darezh.mohammed@univsul.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی

مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییدا دەژییێت، کەواتە بەڕونی دەکرێت بزانرێت کە هەر لە سەرەتای دروستبونی مرۆڤ و دروستبونی کۆمەڵگاوە، گرنگترین بابەتی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگاکەدا بوە، گرنگترین ئامرازیش بۆ ئەم مەبەستە، بەردەوام زمان بوە.

توخمەی کلتوری زمان، وەک هەر توخمێکی تری کلتور (دابونەریت، هونەر، بیروباوەڕ، جلوبەرگ و...هتد)، گرنگی و پێکهاتەی و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە و لە پەیوەندییەکی پێکهاتەیی و ئەرکی تەواوکارییدایە لەگەڵ تەخمە کلتورییەکانی تر، لە هەمانکاتدا هۆکارێکی بنەڕەتی و گرنگی پاراستن و گواستنەوە و بڵاوکردنەوەیی کلتورە، لەبەر ئەمانە لەناو بواری مرۆڤناسیدا و، لە توێژینەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی و کلتوری گشتی هەر کۆمەڵگایەکدا پانتاییەکی بەرفراوان و کاریگەری هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا بەشێوەی پەیپەر بەسودوەرگرتن لە میتۆدی بونیادی وەزیفی (پێکهاتەی ئەرکی)( )[i] و میتۆدی مێژویی( ) بەکارهێنانی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری سەرچاوەی نوسراو، تێبینیکردن و تێبینی بەبەشداریکرن، هەوڵدراوە ڕوانینێکی تیۆری مرۆڤناسی بۆ زمان بخرێتەڕو و، لەڕوی بونیاد و ئەرکەوە پەیوەستبکرێتەوە بە ڕوانگە مرۆڤناسییەکان و ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی بخرێتەڕو و بە دۆخی زمانی کوردیش لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە (هەرێمی کوردستان- شاری سلێمانی)، لەسەرەتادا باسێک بۆ سەرەتای زمان دەخرێتەڕو، هەروەها پێناسەی زمان دەکرێت لە ڕوانگەی چەند زانایەکەوە، دواتر پەیوەندیی نێوان زمان و مرۆڤناسی ئاماژەی پێدەدرێت. وەک بابەتێکی جێبایەخی مرۆڤناسی، پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور دەخرێتەڕو و بۆچونە سەرەکییەکان لەم بارەیەوە ئاماژەیان پێدەدرێت، هەر لەم چوارچێوەیەدا وەک ڕەگەزێکی کلتوری پێکهاتە و تایبەتمەندی ئەرکی زمان

ڕوندەكرێتەوە، لەلایەكیترەوە بەوپێیەی زمان دادەنرێت بە بنەمایەكی سەرەكیی دروستكەری ناسنامەی كلتوری و نەتەوەیی، باس بە پەیوەندیی نێوان زمان و ناسنامە دەدرێت و پەیوەست دەكرێتەوە بە دۆخی زمانی كوردی، لە كۆتاییدا دەرەنجامەكان دەخرێنەڕو.

### بابەتی توێژینەوەكە (كێشەی توێژینەوە):

بابەتی توێژینەوە بریتییە لەو نارونی و پرسیارانەی لای توێژەر، كە ئامانجیەتی بەدواداچونی زانستی بۆ بكات و بەئاكامی زانستی ڕۆشنایی بخاتە سەریان و وەڵامەكان بەدەستبهێنێت. لەم توێژینەوەیدا بابەتی توێژینەوەكە بەمجۆرە خراوەتەڕو: ئایا مرۆڤناسی چۆن دەڕوانێتە توخمی كلتوریی زمان؟ ئایا لە پەیوەندیدا بە كلتور و وەك ڕەگەزێكی كلتوری چۆن دەچێتە ناو بواری مرۆڤناسییەوە؟

### گرنگیی توێژینەوەكە:

كلتور گشتێكی ئاڵۆزە و لە هەردو توخمە كلتوری بەرجەستەیی (المادی) و واتایی (المعنوی) پێكدێت، توخمە كلتوری زمان یەكێكە لە توخمە واتاییەكان و لەهەمانكاتدا پارێزەر و، هۆكارێكی گرنگی بڵاوكردنەوە و گواستنەوەی كلتورە، بۆیە گرنگە زمان جگە لە توێژینەوەی زمانەوانی، توێژینەوەیەكی مرۆڤناسیی لەبارەیەوە بكرێت و ڕوانینی تیۆری مرۆڤناسیانەی لەبارەوە بخرێتەڕو، هەروەها لەڕوی مەیدانیشەوە لەڕێگای تێبینیكردن و تێبینیكردن بەبەشداریكردنەوە ڕوانینی مرۆڤناسی دەربارەی دۆخی زمانی كوردی بخرێتەڕو، لەپەیوەندیدا بە گۆڕانكارییەكانی خۆی و كاریگەری لەسەر توخمە كلتورەكانی تر و ژیانی كۆمەڵایەتی.

### ئامانجی توێژینەوەكە:

ئامانجیش بۆ ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەكی تیۆری دەرخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤناسی و توخمی زمانە بەگشتی و، ئاماژەدانە بە پێكهاتە و ئەركی زمان وەك توخمێكی كلتوریی گرنگ و دەرخستنی دۆخی زمانی كوردییە لە پەیوەندیدا بە ناسنامەی كلتورییەوە.

## ١-مێژوی زمان و ڕوانگەی چەند زانایەك

### ١-١ كورتەیەكی مێژویی زمان

زمان بنچینەیەكی گرنگی ژیانی كۆمەڵایەتییە، كەرەستەی ژیانە و دەربڕی پێویستییەكانی مرۆڤە، هەرچەندە زانست و مەعریفە پێشبكەوێت، مرۆڤ زیاتر پێویستی بە توخمی كلتوری زمان دەبێت. دەتوانین بڵێین هەر لەسەرەتای دروستبونی مرۆڤەوە، بەمەبەستی پەیوەندیكرنیان بەیەكترەوە زمان دروستكراوە و بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە، هەرچەندە نازانرێت سەرەتای نوسین لە كۆمەڵگا كۆنەكان دەگەڕێتەوە بۆ كەی و ناتوانرێت بە وردی دیاریبكرێت، بەڵام ئەوە ڕونە كە مرۆڤ لەگەڵ گەشەی ژیانیدا هەوڵی بەكارهێنانی زمان و نوسینی داوە لەپێناو ئاسانكردن و ڕاییكردنی كارەكانی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

مێژوناسان و زماناسان و مرۆڤناسان، زۆر سەرقاڵ بونە بەمێژوی زمان و سەرەتای پەیدابونی و چۆنیەتی سەرهەڵدانی، چەند تێروانینکی جیاواز هەیە، هەندێک لە ڕوانگەیەکی ئاینییەوە لێکیدەدەنەوە و وەکو دیاردەیەکی ئایینی سەیری دەکەن، لە (تەورات)دا زمان بە بەهرەیەکی خودایی دانراوە و خوا ئەم بەهرەیەی فێری ئادەمیزاد کردوە، ڕوانگەیەکیتر ئەوەیە کە زمان دیاردەیەکی سروشتیی کۆمەڵایەتییە و بەو پێیە مرۆڤ لە ناو سروشت و کۆمەڵگادا دەژی و ژیانی بەندە بە ئەوانەوە، لە بەرئەنجامی مامەڵە لەگەڵ سروشت و کۆمەڵگادا و وەک پێویستی مرۆڤ دروستبوە. ڕوانگەیەکی تریش لە ڕوی بایۆلۆجیەوە سەیری زمان دەکات. (شوانی، ٢٠١٠، ل٩٨) هەروەها مرۆڤناسە کلتورییەکان لەسەر ئەوە هاوڕان کە زمانی ئاخاوتن و گفتوگۆ کۆنە وەکو کۆنی کلتور، پێیانوایە دەبێت زمانی ئاخاوتن وەکو ئەو ئامێرە کلتوریانەی دۆزراونەتەوە کۆن بێت، زمان ئەو کاتە دەستیپێکردوە، کە کلتور پەیدابوە، لەم چرکەیەوە بەردەوام گەشەی کردوە.(وصفی، ١٩٧١، ص٢٥٦)

قۆناغی نوسینی وێنەیی بە کۆنترین جۆری نوسین دادەنرێت، ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ پێش چاخەکانی کۆیلایەتی و کۆتایی کۆمۆنی سەرەتایی، لە دوای ئەم جۆرە نوسینە قۆناغە برگە هاتۆتە کایەوە، کە سەرەتای داڕشتنی ڕستە و قسەکردن بوە و وردە وردە بەرەو دیاریکردنی دەنگەکان چوە و گەشەی کردوە، ئەم برگە و هیمایانەش بەپێی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و جیاوازی نەتەوە و ناوچە جیاوازەکان وێنە و شێوەی جیاجیای بۆ داتاشراوە. (بعلبکی، ١٩٨١، ص٦٩) هێنانەکایەی نوسین ئاسانکاری بوە بۆ مانەوەی ڕودا و کارەکانی مرۆڤ، یارمەتیدەر بوە بۆ کورتکردنەوەی ماوەی نێوان کەسەکان کە نەدەتوانرا لە ڕێگەی دەنگەوە پەیوەندییەکانیان بە یەکتر بگەن. لە قۆناغی کۆیلایەتیشدا درێژکراوەی قۆناغی یەکەم بوە، بە جیاوازی لە دروستبونی چینەکان لەسەر بنەمای هێز و ئابوری، ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبوە لەسەر گەشەی زمان و بەرجەستەبونی لە قۆناغێکی نوێدا، لەم قۆناغەدا دروستبونی خاوەنداریەتی تایبەت و دروستبونی چینەکان، بوە هۆی پێشبرکێی زیاتر و پەیداکردنی سامانی ژیان و خۆراک و پێداویستیەکانی، مرۆڤ بیری لە چاندن و وەبەرهێنان کردەوە و دەبوایە تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی زیاتری هەبێت بۆ ڕاییکردنی ئەو هەرەوەزیە و زمانیش کەرەستەی ئەو هەرەوەزیە بو. دوای دۆزینەوەی کانزاکان و هاتنەکایەی ئاڵوگۆڕکردنی کەلوپەل و دیاریکردنی شوێنی ئاڵوگۆڕکردن، وەک کارێگی بازرگانی پێویستی بە نوسین و دارشتنی قسەکردن لەوبارەیەوە هەبوە، زمانیش ئەو ڕۆڵەی بینیوە، لەبەرئەوە زمان ئاستێکی پێشکەوتوتری وەرگرت.( انجلز، ص١٤-١٦) لەگەڵ دروستبونی خێزان، زمان زیاتر فراوان بوە، چونکە ئەرکی تاکەکانی خێزان فراوانتر بوە، پەیوەندیەکانیش زۆرتر بوە و دواتریش زمان بو بەڕێگەی فێربونی هونەرەکانی ژیان و پەروەردەکرنی منداڵ، ژیان پێویستی بە گەشەکردنێکی خێراتر بو، لە دروستکردنی کاڵاکانیان، خەڵکی لەو سەردەمەدا لەسەر نیشانەیەک ڕێکدەکەوتن بۆ ناسینی ئەو کاڵایە.(دیورانت، ٢٠٠٧، ل١٧١) سەبارەت بە دروستبونی زمانە جیاوازەکانیش ڕای جیاواز و جۆراوجۆر هەیە، هەندێک لایان وایە لە دوای فراوانبونی خێزانەکان و لەیەک دورکەوتنەوەیان بۆ ناوچەی جیاجیا، بە هۆی بارودۆخی جوگرافی و جیاوازیی ژیانی کۆمەڵایەتی بوە هۆی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

دروستبونی زمانی جیاواز و لەیەک دورکەوتنەوە. بەگشتی زمان لە دایکدەبێت و گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت، بەڵام زۆر جاریش لە زۆر کات و شوێندا دوچاری مردن و ونبون دێت. بە تایبەت لە ئێستادا، بەو پێیەی زمان دەچێتە ژێرباری ئەو یاسایەی کە زمانی گەورە و باڵادەست، بنەڕەتەکانی زمانی بچوک کاڵ دەکاتەوە و لاوازیان دەکات.

## ٢-١ ڕوانگەی زانایان بۆ زمان

زمان سەرەکیترین هۆیە کە مرۆڤەکان هەیانە و سودی لێوەردەگرن بۆ دروستکردنی پێکگەیشتنی ناو کۆمەڵگا. بەم پێیە زمان وەک سیستەمێک وایە کە بوار بۆ بەیانکردنی گوتارێکی دیاریکراو لە ناو کۆمەڵێکی دیاریکراو لە ناو مرۆڤەکاندا دەڕەخسێنێت. زمان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابینرێت، بەڵکو خاون کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ئەو قسانەیە کە دەکەونە پێش ئەوەوە، ئەگەر زمان بابەتی سەرەکی زمانناسی بێت، زمانەکان بەلەبەرچاوگرتنی ئەو جۆر بەجۆرییەی کە هەیانە، لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە دەربڕی هێماییانەی کردارە زمانیەکانن.(موحسنی، ٢٠٠٢، ل١١٠)

چەندین پێناسەی جیاواز بۆ زمان کراوە، هەر پێناسەیەکیش ئاماژەیەکی سەرەتایین بۆ ئەوەی لایەنێکی یان تایبەتمەندیەکی زمان نیشان بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا زانایان بڕوایان وایە کە ئەو پێناسانە بە گشتی پێویستن بۆ ئەوەی ڕواڵەت و لایەنە شاراوەکانی زمانیان پێدەستنیشان بکرێت، بۆیە لێرەدا چەند پێناسیەکی زمان دەخەینەڕو، ئەمانەن:

(فردیناند دو سوسور ١٨٥٧-١٩١٣) پێناسەی زمان دەکات لە چوارچێوەی بەراوردکردن بە قسەکردن، زمان دادەنێت بەوەی بەستراوە بە کەسەکانی کۆمەڵگا و ڕەوشی کۆمەڵایەتیەوە، لە کاتێکدا قسەکردن بەستراوە بە کەسەکان و ڕوداوی قسەکردنەوە، بەبۆچونی ئەو زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، سیستەمێکە لە هێما و نیشانە، کە مرۆڤ بەکاردەهێنێت بۆ گوزارشتکردنی کۆمەڵە بیروبۆچونەکانی.(معاذ، ٢٠١١، ص٢٠) واتە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەسەر ئەو بنەمایەش دەبێت لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت، واتە سوسور زمان بەوە دەناسێنێ کە سیستەمە و بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی دادەنێت، ئەندامانی کۆمەڵگاش ئەو یاسایانەی لەو سیتەمەدا هەن بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بەکاردێنن. هەرچی قسەیە بریتییە لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی سیستەمی زمان، واتە هەر چالاکیەک پەیوەندیی بە زمانەوە هەبێت بە تایبەتمەندیی قسە دەژمێردرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە دیاردەیەکی تاکەکەسی دادەنرێت، بۆیە دەکرێت بڵێین قسە ئەو چالاکیە هەستپێکراوە کەسیەیە کە دێتە بەرگوێ لە کات و شوێنی دیاریکراودا و لە ژێر کۆنترۆڵی قسەکەردایە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت.

یەکێک لە پێناسە گرنگەکانی تری زمان ئەوەیە کە لەلایەن زمانناس (نوام چۆمسکی١٩٢٨- )ەوە پێشکەشکراوە، کە دەڵێت: «زمان بریتییە لە دەستەیەک لە دەستور و بنەمای گشتیی زۆر تایبەت، کە تایبەتمەندێتی جەوهەری مێشکی مرۆڤن و بەشێکن لە بەهرەی زگماکی توخمەکانمان. »(Nwam, 1986,p15) هەروەها (ئیدوارد ساپیر ١٨٨٤-١٩٢٩)، دەڵێت «زمان وەسیلەیەکی پەتیی ناغەریزیە، مرۆڤ بۆ گواستنەوەی هزر و سۆز و ئارەزوەکانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

بەکاریدەهێنێت، کە لەڕێگەی کۆمەڵە هێمایەکی لەخۆوە بەرهەمیان دەهێنێت.» .(معاذ، ٢٠١١، ص١٣٩) لە پێناسەیەکی تردا هاتوە زمان توانایەکی زەینی وەرگیراوە، خۆی لە سیستەمێکدا دەنوێنێ، کە لەڕێگەی کۆمەڵە هێمایەکی لەخۆوە دەردەبڕدرێت و تاکەکانی کۆمەڵگایەک، لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەکاریدەهێنن. (هیجمان، ١٩٨٩، ص١٥) هەروەها پێناسەیەکی تر ئەوەیە کە زمان سیستەمێکە لە ئاماژە دەنگییە سەربەخۆکان، کە خۆبەخۆ لە کۆمەڵگادا پەیدا دەبێت، بە مەبەستی لێکتێگەیشتنی تاکەکان بەکاردەهێنرێت، زمان دەتوانێت گوزارشت لەسەرجەم زانیارییەکانی مرۆڤ و بۆچونەکانی لەبارەی دونیا بکات. (مرعی، ٢٠٠٢، ص٧)

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە زمان توانایەکی زەینیە و وەرگیراوە، هەر لە منداڵییەوە مرۆڤ وەریدەگرێت و تا کۆتایی ژیانی بەردەوام دەبێت. هەروەها زمان سیستەمە و لە کۆمەڵە هێمایەکی ڕێکخراو (لە نێوان دەنگ و ڕستەدا) بەرجەستە دەبێت، کە تاکەکەسەکان لەڕێگەیەوە لە ناو کۆمەڵگادا بەیەکدەگەن، بە پابەندبونێکی شاراوەی چەمکەکان کە کرداری بەیەکگەیشتن و پەیوەندی ئاساندەکات لە نێوان کەسەکانی کۆمەڵگادا. هاوکات زمان دیاردەیەکی کلتوری و کۆمەڵایەتییە و، جەخت لە سروشت و پێکهاتە و ئەرکی کۆمەڵایەتیی زمان دەکرێت، بەو پێەی زمان وەک ئامرازێکی پەیوەندی و گەیاندن دادەنرێت، کە ئەندامانی کۆمەڵگایەک بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەکاریدەهێنن.

## ٢- مرۆڤناسی و زمان

### ٢-١ پەیوەندی نێوان زمان و مرۆڤناسی

مرۆڤناسی پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، هەم بەپێی ڕای جیاوازی مرۆڤناسان، هەم بەپێی ڕەهەندەکان و جۆر و لقەکانی، یان بە مانایەکی تر بە پێی بوارەکانی ئیشکردنی. بە شێوەیەکی فراوان واتا لێکۆڵینەوەیەکی گشتی لە مرۆڤ لە ڕوی سروشتی و جەستەیی و مێژویی و دێرینی و کۆمەڵایەتی و کلتوری.(روح الامینی، ١٣٧٢، ص٢٧-٢٩) سەبارەت بەم بابەتەی ئێمە کە دەچێتە چوارچێوەی مرۆڤناسیی کلتورییەوە و لە میانەیدا باس لە توخمی کلتوریی زمان دەکات، دەتوانین بڵێین مرۆڤناسی توێژینەوەیە لە کلتوری کۆمەڵگاکان.

گەر لە ڕوانینێکی مرۆڤناسییەوە بڕۆینە ناو بابەتی زمان، بەو پێیەی بوارێکی گرنگی مرۆڤناسی توێژینەوە کردنە لە مێژوی بەرهەمە هزری و بەرجەستەییەکانی مرۆڤ وەک بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، کە لە ڕێگەی هۆکارەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە لە بونەوەرێکی بایۆلۆجیەوە دەگۆڕێت بۆ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، توانای پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی کلتور و بەرهەمە هزرییەکانی هەبێت بۆ نەوەکانی ئایندە، لەم پرۆسەیەدا زمان گرنگترین ئامرازی گۆڕینی مرۆڤە، چونکە هاوکاریی و هەماهەنگیی کۆمەڵایەتی کە مەرجێکی سەرەکیی پێکهاتنی کۆمەڵگا و یەکێکن لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان، بەبێ زمان ئەستەمە دروستببن. (شوانی، ٢٠١٧، ل١١)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

لە بۆچون و نوسینەکانی (لیڤی شتراوس ١٩٠٨-٢٠٠٩)دا، مرۆڤناسی لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات و کارەکانی زانای زمانناسی (فردیناند دو سوسور ١٨٥٧-١٩١٣)ی لە بواری زماندا پەیوەستکردوە بە بابەتەکانی مرۆڤناسی ، وەکو ئەفسانەکان لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، بەڵام شتراوس لە سوسور باڵاتر ڕۆشتوە بونیادگەرایی لە هەمو شێوەکانی پەیوەندیدا بەکارهێناوە، و توێژینەوەی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمەکانی زمانناسی و وسیستەمەکانی خزمایەتیدا کردوە. بە بڕوای شتراوس بونیادی سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆ ئەندامانی سیستەم ناوشیارانە و شاراوەیە وکلیلی دۆزینەوەی ئەو بونیادە، زمانناسیە، چونکە زمان و سیستەمە کلتورییەکان لە سەر کۆمەڵێک بنەمای چونیەک داڕێژراون، ڕەگی هەردوکیان لە زەینی مرۆڤدایە، هەردوکیان بونیادی زەینی مرۆڤ دەنوێننەوە، زمان و کلتور خاوەن هەندێک بەشی بچوکترن و ئەم بەشانە بەبەکارهێنانی هەندێ بنەمای بنەڕەتیی تایبەت دەبنە هۆی دەوڵەمەندیی بێکۆتای زمان و کلتور. زمان لە دەنگ یان فۆنیمەکان پێکدێت، فۆنیمەکان بریتین لە بچوکترین دەنگی هەڵگر یان بەدیهێنەری واتا، فۆنیمەکان بە تەکنیکی بەرامبەرێتی دولایەنە دەناسرێنەوە کە ڕەگی ئەم تەکنیکەش لە کارکردنی بونیادی زەینیی مرۆڤدایە، سیستەمە کلتورییەکانیش لەسەر چەند یەکەیەکی بەدیهێنەر و هەڵگری واتا وەستاون کە هێمایان پێدەگوترێت و هێماکان هەر لەڕێگەی هەمان تەکنیکی بەرامبەرێتیی دو لایەنەوە دەناسرێنەوە، واتای هێماکان بە زۆری شاراوەیە، دەکرێت ماناکانیش لەگەڵێک ڕێگەوە بگۆڕدرێن، دۆزینەوەی مانای هێماکان پێویستی بە لێکدانەوەی زانیاری و پێدراوی مرۆڤناسییانە هەیە، سیستەمە کلتورییەکانیش وەکو زمان ئیدیۆمی مانان.(Strauss, 1979 17-52)، هەروەها شتراوس پێیوایە زمان دەرکەوتەی کلتورە، زمانی کۆمەڵگایەک، بەرجەستەکەری کلتوری گشتیی کۆمەڵگاکەیە، لە هەمانکاتدا زمان ڕەگەزێکی کلتورییە(کوش، ٢٠٠٧،ص ٨٦) واتە یەکێک لە لەبابەتە گرنگەکانی مرۆڤناسیی بونیادی، لێکۆڵینەوەی (لیڤی شتراوس)ە سەبارەت بە زمانناسی، شێوازی شتراوس ئەو زمانناسانەن کە لە زماندا سیستەمی هێماکان دەبینن، هێماکانیش فۆنەتیکی نەحو و مانان، کە ئەو پێیوایە ئەو هێمایانە لە دەرەوەی درکی ئەو کەسانەیە کە قسەی پێدەکەن و سەربەخۆن. زمانناسان لە م هێمایانەدا بە شوێن دۆزینەوەی ڕێبازەکانی ڕێکخستنی زماندا دەگەڕێن، شتراوس هەمان شێواز لە خوێندنەوەی سیستەمی خزمایەتیدا دەکاردێنێ، واتە لە سیستەمی خزمایەتی دەکۆڵێتەوە وەکو سیستەمێک لە پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکاری، لە نێوان پێگە و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها لە ڕوانگەی مرۆڤناسانی وەکو (فرانز بواز ١٨٥٨-١٩٤٠) و (ئیدوارد ساپیر ١٨٨٤-١٩٣٩)ەوە، خوێندنەوە بۆ کاریگەریی هزر و دونیابینی کۆمەڵێک، کاریگەریی زیاتری هەیە لە شێوە و ڕێزمانی زمان، ئەم ئاڕاستەیە خوێندنەوە بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری زمانەکان و ستراتیژییەکانی دەربرین لە بەرهەمهێنانی واتادا دەکات.(ریویر، ١٣٧٩، ٣٧-٣٨)

## ٢-٢ کلتور و زمان



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

کلتور بە واتا کۆمەڵناسی و مرۆڤناسیەکەی، یەکەمجار لەلایەن (ئیدوارد بارێنت تایلۆر ١٨٣٢-١٩١٧) لەساڵی ١٨٧١ لە کتێبێکدا بە ناوی (کلتوری سەرەتایی) بەکارهاتوە، کە دەڵێت: «کلتور کۆمەڵەیەکی ئاڵۆزە لە مەعریفە، بیروڕا، هونەر، ئەخلاق، ڕێساکان، دابونەریت و هەمو توانا و عادەتیکی تر دەگرێتەو، کە مرۆڤ وەک ئەندامی کۆمەڵگا وەریاندەگرێت»(بەشیریە، ٢٠٠٧، ل٤) هەڵبەت زمانیش کە دەچێتە چوارچێوەی توخمە مەعنەوییەکانی کلتور. کاتێک کلتور دادەنرێت بەو مەعریفەیەی کە فێری دەبین لە ڕێگەی ئەوانی ترەوە، لەو کاتەدا زمان دێتە ناوەوە، بەوەی کە دادەنرێت بە کەرەستەیەکی بنەڕەتی لەڕێگەیەوە ئەندامانی کۆمەڵگا مەعریفە وەردەگرن و فێر دەبن، چونکە زمان کلتور دەگوازێتەوە لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵ و لە نێوان نەوەکانیشدا. لێرەوەی دەردەکەوێت بە کلتوریبون پێویستی بە کۆبونەوەی مرۆیی و فێربون و زاراوە کلورییەکان هەیە، کە ئەمانەش پێویستیان بە زمانێکی هاوبەش هەیە لەشێوەیەی دامەزراوەیەکدا.

زۆر جار ئاماژە بەوە دەکرێت یان دەگوترێت ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەبێ بونی زمان وێناناکرێت، دیارە ئەم ڕوانینە گوزارشت لە ڕاستییەکی قوڵ دەکات ئەویش ئەوەیە کە ژیانی مرۆیی لە بنچینەدا لە سەر مەعریفەی هاوبەش و کلتور بنیاتنراوە و زمانیش ئامرازێکی سەرەکییە، کە بەهۆیەوە ئەو هاوبەشیە، لەو مەعریفەیەدا دەکرێت.(هیجمان، ١٩٨٩، ص١٧٧)

لە ڕوانگەی مرۆڤناسییەوە زمان بابەتێکی کلتورییە، لە ڕێگەی وەرگرتن و فێربونەوە زمان دەگوازێتەوە، زمان دەرکەوتەیەکی کلتورییە، وەرچەرخان و گۆڕان لە کلتوردا، گۆڕان لە زمانیشدا دروستدەکات. لەسەر ئەو بنەمایە وشە و دەربڕینەکان تا ئەوکاتەی بەکاردێن و کاراییان هەبێت، لە زماندا پارێزراو دەبن. هەوەرها زمان دامەزراوەیەکی کلتورییە، گۆڕانکاری لە کلتور و توخمەکانیدا گۆڕان لە زمانیشدا ڕودەدات، هەر کاتێکیش کلتور تواناى خۆی لە دەستدەدات زمانیش لاواز دەبێت و بەرەو لەناوچون دەچێت. لەلایەکی ترەو دەتوانین بڵێین زمان بەشێکە لە کلتور و پەیوەندیەکی بەهێز کۆیاندەکاتەوە و ناکرێت لەیەکتریان جیاکەینەوە، لەبەرئەوەی واتای دەربڕاو تەنها لە واتای وشەکانەوە بە دەستنایەت، بەڵکو لەو ڕێکەوتنەوەیە، کە لە ناو کۆمەڵگا و کلتوردا لەسەری ڕێکدەکەوین.

(ئیدوارد ساپیر ١٨٨٤-١٩٣٩) دەڵێت زمان بە تەواوی دیاردەیەکی کلتورییە، لێکۆڵینەوە لە کلتور واتا لێکۆڵینەوە لە زمان.(فکوهی، ١٣٨٥، ص١٠) ئەو پێیوایە ئەندامانی کۆمەڵگا لە هەندێک بواردا بەندکراوی زمانەکانیانن، چونکە هەر زمانێک نیشانەی واقعێکی کۆمەڵایەتیی جیاوازە، ئەگەر زمانی نەتەوەیەک شوێنەکەی بە زمانی نەتەوەیەکی تر بدات، ئەوا کلتوری ئەو نەتەوەیە شوێن بۆ کلتوری نەتەوەیەکیتر چۆڵ دەکات، کەواتە زمان هێمای کلتوریی گروپێکی دیاریکراوە، ناسنامە و شێوازی بیرکردنەوەو ڕەفتاری تایبەتیی ئەندامانی کۆمەڵگا بەهۆی زمانەوە بەهێزتر دەبن، زۆربەی گۆڕانکارییەکانی زمان لەو کاتەدا ڕودەدەن کە کۆمەڵگا و کلتورەکان لەگەڵ یەکتریدا دەگونجێن، هەروەها مرۆڤەکانیش لە ئەنجامی پەیوەندیکرن و ئاڵوگۆڕدا چەمک و وشەی نوێ لە کلتورەکانی تر وەردەگرن.(بیتس، ١٣٧٥،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

٤٥٣) هەروەها (بنجامین لی ورف ١٨٩٧-١٩٤٤) لە زنجیرە وتارێکدا دەڵێت: زمان جۆرێک لۆجیک و چوارچێوەی گشتیی ئاماژە پێکردن پێکدێنێ، بەم شێوەیە هەر زمانێک سیما بە هزری قسەپێکەرانی بەکارهێنەرانی خۆی دەبەخشێت، پاشان دەڵێت زۆر پەیوەندیی گرنگ لە نێوان لایەنە گشتییەکانی ڕێزمان و تایبەتمەندییەکانی کلتوری کۆمەڵگایەک بەگشتی لە ئارادایە.(هینلە، ٢٠٠٦، ١٠٨)

دو بۆچونی سەرەکی هەیە بۆ کاریگەری زمان و کلتور لەسەر یەکتر:

یەکەم: پێکهاتەی زمان کاردەکاتە سەر چۆنێتی بینینی جیهان و دەوروبەر لە لایەن قسەکەرەوە، ئەم بۆچونە زیاتر دەخرێتەپاڵ (ساپیر و ورف) و بە گریمانەی (ساپیر – ورف) دەناسرێت، کە پێیوایە پێکهاتەی زمان هزر دیاریدەکات و دەستەڵاتی تەواوی بەسەریدا دەشکێتەوە، لەبەرئەوە مەعریفەی مرۆڤ لەم جیهانەدا و ئەزمونەکانیان و بۆچون و هەڵوێستەکانیان تێیدا دەگۆڕێت، بە گۆڕانی ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن، بە واتای ئەوەی بەو شێوەیەی جیهان هەندێک دەیبینن، جیاوازە لە هەندێکیتر، ئەگەر ئەو دو کۆمەڵە بە زمانی جیاواز قسە بکەن.(خرما، ١٩٨٧،ص١٧٧) لەمەشەوە جەختکردنە سەر بەهای پۆزتیڤی فرەجۆرێتی کلتوری و زمانی دیارترین نیشانەی جیاکەرەوە ئەم تیۆرەیە. کرۆکی ئەم گریمانەیە ئەوەیە، کە زمان وا لە کۆمەڵەیەکی داریکراو دەکات، کە هەڵسوکەت بکەن و بەو جۆرە بیر بکەنەوە کە خۆی بیری پێدەکاتەوە و جیهان لەڕێگەی زمانەکەوە ببنێت. دوەم: کلتوری خەڵکی کاریگەری هەیە لەسەر ئەو زمانەی بەکاریدێنن.( Ronald, 2006,P212 ) ئەمە واتە کلتور و بارودۆخی کلتوری و کۆمەڵایەتی زمان لە قاڵب دەدات. بە گشتی لەم بۆچونانەدا دەردەکەوێت کلتور و زمان لە پەیوەندیەکی دیالێکتیکیدان. لە ڕوانگەی قوتابخانە و میتۆدی بونیادی ئەرکی کلتور گشتێکە لە چەند ڕەگەزێکی سەرێکی پێکهاتوە و لە پەیوەنەندیەکی تەواوکاری ئەرکیدان، واتا ڕەگەزی زمان لەپەیوەندییەکی ئەرکی تەواوکاریدایە لەگەڵ کلتوری گشتی و توخمە پێکهێنەرەکانی تری کلتوردا، کاریان تێدەکات و کارتێکراویشە، گۆڕان لە زمان واتا گۆڕان لە نوخمەکانی تریش و بەپێچەوانەشەوە، بۆ نمونە گەر ئاماژە بە پەیوەندی زمان لە گەڵ هونەر و ئەدەب لەکۆمەڵگای کوردی بکەین بە گوێرەی ناوچە و شێوەزارەکان، حەیران کە بەرهەمی هونەری ناوچەی هەولێرە، پاشخانێکی ئەدەبی و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی لە پشتیەتی کە لە ناوچەیەکی تری کوردستاندا نییە، ئەمە بۆ سیاچەمانەی ناوچەی هەورامان و مەقاماتەکانی ئاوازدانانی مۆسیقاش بەپێی شێوەزارەکان ڕاستە، گۆڕان لە ناوەڕۆکی زمان و ئەدەبیات و بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکان بوەتە هۆی گۆڕانی ڕێژەیی لەم هونەرانە بە گوێرەی شوێن و کات.

سروشتی زمان وەک سیستەمێکی پەیوەندیکردنی ڕەمزی، بوەتە هۆی بەدیهاتنی زەینی مرۆیی، کە توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ دەوروبەرە جیاوازەکان و هەڵسوکەوتکردن تێیاندا هەیە. ئەم زەینە توانای بەرجەستەکردنی چەمکەکان، ناسینەوە و جیاکردنەوەیان لە لایەن ئێمەوە، داهێنانی هێزە سەرو سروشتییەکان، تاوتوێکردنی کردارەکانی خۆمان و لێکۆڵینەوە لە ڕابردوی هەیە. لەم ڕوانگەیەوە، زمان داهێنانێکی کلتورییە. واتە سروشتی زمان وەک سیستەمێکی پێوەندیکردنی ڕمزییانە، زەینی مرۆڤی بە شێوەیەک دروست کرد کە دەتوانێ بۆ دەوروبەرە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

جۆراوجۆرەکان پلان دابنێ و نەخشە بکێشێت.(مهند، ١٣٩٣، ص٢٢) ساپیر جەخت دەکاتەوە هەر زمانێک کە ئەندامانی کۆمەڵگا قسەی پێدەکەن گوزارشت لە تێروانین و بۆچونێکی تایبەت بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەکات، بەومانایەی ڕەنگدانەوەی زەینی ئەو تاکانەیە و کلتوریان دیاریدەکات. بە بروای ئەو زانایانە دەرکەوت کە زمان بەهاو گرنگیی زۆری هەیە لە بواری مرۆڤناسیدا.(تیلیۆن، ٢٠١٦، ٣١)

مرۆڤناسی لە ڕوانینی فرانس پوازەوە جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی کە زمان هاوبەشە لە نێوان کۆمەڵگاکاندا و گوێزەرەوەیەکی بنەڕەتیی کلتورەکانە. بەپێی ئەمە، ناتوانرێت توێژینەوەی کلتوری گەلێک بکرێت بە بێ زانین و ناسینی زمانەکەیان، چونکە زمان کارایە لە تێگەیشتنی سروشتی کۆمەڵگا مرۆییەکان، ئەمەش وای لەو مرۆڤناسە کردوە گرنگی بە توێژینەوەی زمان بدات لە پەیوەندیدا بە ژینگە کلتورییەکەی کە تیایدا گەشە دەکات. جیاوازی زمان و شێوازەکانی و ڕێگاکانی بەکارهێنانی دەگۆڕێت، بەپێی جیاوزای کلتورەکان، بەتایبەتی کە زمان، زاری کلتورە و ناونیشانی شارستانییە و لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت زانست و زانیارییەکان لە نێوان نەتەوەکاندا بگوازرێنەوە. هەروەها بە گوێرەی قوتابخانەی بڵاوبونەوە، دەتوانین بڵێین کلتورەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان لەیەک یان چەند کلتور و شارستانیەتێکەوە سەرچاوەیان گرتوە، لێکچون و هاوشێوەیی لە ناو کلتورەکاندا هەیە، بە هۆی هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی وەکو هاتوچۆ و کۆچ و لاساییکردنەوە و ..هتد. لەسەر ئەو بنەمایە مرۆڤەکان لە وەرگرتنی کلتور و بڵاوبونەوەی کلتورەوە چەند پێوەرێکیان بەلاوە گرنگ دەبێت، لەڕێگەی زمانەوە بۆ نەوەکانی دەگوازنەوە.(روح الامینی، ١٣٨١، ص٨٧)

لەڕاستیدا زمان دەتوانێ شتی زۆرمان دەربارەی کلتورەکان پێبڵێت، بۆ نمونە ئەگەر سەیری دەربڕینەکانی زمانێک بکەین، پەی بە هەندێک وشە دەبەین کە ڕوداوێکی تایبەت نیشاندەدات، لە کاتێکدا لە بوارەکانی تردا ئەم بەرفراوانی و پەیبێبردنە نییە. زانای کۆمەڵایەتی (جۆن دیوی١٨٥٩-١٩٥٢) دەڵێت: «زمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی، ئامرازێکی کۆمەڵایەتیە» جەخت لەسەر ئەوەدە ەکاتەوە ، لەبەرئەوەی زمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئامێرێکی کۆمەڵایەتیە، ناکرێت داببڕێت لە کۆمەڵگا سەرەکیەکەی، کە تیایدا سەریهەڵداوە و گەشەی کردوە، هەر لەم دیدەشەوە ڕەخنە لەو بۆچونە ساکارە دەگرێت، کە دەگوترێت فێربونی ڕێزمانی زمان بەسە بۆ پەیوەندیکردن و تێگەیشتن لە خاوەن زمانێک، لەبەرئەوەی پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، ئەگەر کەسێک نەتوانێت زمان لە چوارچێوە کلتوری و کۆمەڵایەتییەکەیدا فێربێت، ئەوا بە لایەنی کەمەوە دەبێت ئاماژە کلتورییە گرنگەکانی فێربێت بۆ ئەوەی لە خاوەن زمانەکە تێبگات.(فەرەج، ٢٠١٣، ل٣٣) زمان بنەڕەتی کولتور و کەرەسەی سەرەکی تێگەیشتن لە کرداری مرۆڤەکانە، بە هۆی زمانەوەیە و لەڕێگەی زمانەوە دەکرێت بزانین کە مرۆڤەکان چۆن دەڕواننە ڕوداوەکانی دەوروبەر و ژیانیان و چۆن ڕاڤەی دەکەن، هەر بۆیەش لەبنەڕەتدا بۆ تێگەیشتنی کلتور و بیرکردنەوەی مرۆڤ، زمانی ئەو کۆمەڵگەیە شیکار دەکرێت. بەواتایەکی تر بە شرۆڤە و لێکۆڵینەوە لە زمانی هەر کۆمەڵگەیەک دەکرێت، زانیاری لەسەر کلتور و بیر و گوتارەکان و پێکهاتە مانایەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە کۆ بکرێتەوە. ڤیتگنشتاین



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

دەڵێت «سنوری زمانی من سنوری جیهانی منە» ئەو بەو ڕستەیە ئاماژەدەکات بە پەیوەندی نزیکی زمان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، واتە ئاماژە دەکات بە جیاوازی زمان نەتەنیا لە ئاستی وشە و نەریتدا، بەڵکو ئاماژەدەکات بە پێکهاتەی جیاوازی فیکر و هزری مرۆڤەکان، کە بەهۆیەوە جیاوازی زمانیان لەنێوانیاندا هەیە، هەر بۆیە پێویستە بۆ ناسینی دونیابینی و بیری هەر کۆمەڵگەیەک زمانی ئەو کۆمەڵگەیە شیبکرێتەوە.

## ٢-٢-١ پێکهاتە و تایبەتمەندیەکانی زمان

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی تا ئێستا کراون، ئەو دوپاتدەکەنەوە کە یەک زمان وەکو سیستەمێکی ڕێک و تەواوی پەیوەندیکردن لەسەر زەوی هەیە، ئەویش زمانی مرۆڤە، چونکە لەڕوی پێکهاتەی و فرمانەوە و لەڕوی چەندێتی و چۆنێتیەوە جیاوازیەکی تەواوی هەیە لە گەڵ زمانی بونەوەرەکانیتر. مرۆڤ تەنیا گیانلەبەرە توانای وەرگرتن و فێربونی هەیە، واتە زمان سروشتێکی مرۆییە. سەبارەت بە پێکهاتەی زمان، ئاماژە بەوە دراوە کە لە چەند بەشێک پێکدێت، کە بە تەنیا مانا نابەشن، بەڵکو لە ئاستێکی تەواوکاریدا مانا دەبەخشن، ئەمانەن:

١. دەنگەکان زمان ٢. یەکەکانی واتا ٣. وشە و پێکهاتەی ڕستە ٤.واتا لە زاماندا. (کەمرێ، ٢٠٠٧، ل١٣-١٨) هەریەکێک لەم پێکهاتانەی زمان ڕەهەندێکی مرۆڤناسییانەی هەیە، هەر لە دروستبونی دەنگەکانەو تا دروستبونی وشەکان و یەکەکانی واتا و مەبەستی وشەکان، کە هەمویان لە پەیوەندیدا بە هەڵکەوتەی جوگرافی و ئیکۆلۆجیای کۆمەڵگاکە دروست دەبن، بەتایبەت دروستبونی وشەکان و واتا و مەبەستیان، کە لە پەیوەندیدا بە کەسەکان و ڕێکەوتن لەسەریان بۆ پەیوەندی دروستکردن و پڕکردنەوەی پێداویستیەکان بەکاردێن. زمان لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە وەک توخمێکی کلتوری و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و چەند تایبەتمەندیەکی هەیە، ئەمانەن:

1. زمانی مرۆڤ مەودایەکی بەرفراوانی دەربڕین لە ئەزمون و شارەزاییەکانی مرۆڤ لەخۆدەگرێت.
2. زمانی مرۆڤ لە کۆمەڵە هێمایەکی باو و نەریتی ناڕاستەوخۆ پێکدێت.
3. مرۆڤ بە ئاگایی و هەستکردنەوە هێماکانی زمان بە مەبەست بەکاردێنێت وەک هۆکارێک بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستانەی کە دەیەوێت.
4. زمانی مرۆڤ زمانێکی لێکدراوە و لە چەند یەکەیەک پێکدێت، کە بەپێی سیستەم و یاسای تایبەتیەوە ئەو یەکانە لێکدەدرێت.
5. زمانی مرۆڤ بەو یاسا و ڕێسایانەوە پابەند دەبێت کە کۆمەڵگا بەسەریدا دەیسەپێنێ.
6. مرۆڤ بە گوێرەی گۆڕانی هەڵوێستی دەربڕینەکەی دەتوانێت وشەکانی بگۆڕێت.
7. هەمەجۆری لە زمانی مرۆڤدا لە ئاکامی هەمەجۆریی کۆمەڵگاکانەوە دێتە ئاراوە و دەکەوێتە ژێر ڕکیفی هەردو گۆڕاوی کات و شوێنەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

8. مرۆڤ زمان لەو کۆمەڵگایەوە وەردەگرێت کە تیایدا دەژی.( یوسف، ١٩٩٠، ص١٢،١٣) واتە تایبەتمەندییەکی تری زمان ئەوەیە کە وەرگیراوە و بەدەستدەهێنرێت لەو کۆمەڵگایەی کەسەکان تیایدا پەروەردە دەبن و پێدەگەیەنرێن، وەردەگیرێت لە میانەی کۆمەڵێک ئەزمون و شارەزاییی مرۆڤ کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەکۆمەڵگا فێری دەبێت.
9. زمان کە توخمێکی کلتورییە، هەم وەک توخمێکی کلتوری بڵاودەبێتەوە، هەمیش خۆی ئامرازی بڵاوکردنەوە و گواستنەوەشە. بڵاوبونەوە واتە «گواستنەوەی کەرەستەیەک یان کردارێک، یان بیروبۆچونێکە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکیتر، ئەمەش لە ڕێگەی بازرگانی، جەنگ، یان لە ڕێگەی پەیوەندیی ڕێکخراوەوە دەبێت.»(سلیم، ١٩٧٥، ص٩٣) هەڵبەت هۆکار و وسیلەی سەرەکیی ئەم بڵاوبونەوەیە زمانە.

### ٢-٢-٢ گرنگی و ئەرکی زمان

مرۆڤ لەڕێی زمانەوە پەیوەندی دروست دەکات و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوروبەر دەبێت. ئەمە تەنیا قورسایی زمان نییە لە سەر ژیان، زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کلتورییە کە مرۆڤ دەخاتە پرۆسەی هەڵسوکەوتەوە. واتە زمان تەنیا لە گۆڕەپانی پێوەندی نێوان مرۆڤەکاندا چالاک نییە، بەڵکو توانای بیرکردنەوە دەرەخسێنێ و دەبێتە هۆی شێوەگرتنی کەسایەتی و دروستکردنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی و پاراستن و مانەوەی. زمان قەوارە بە چەمکی کۆمەڵی مرۆیی لە کۆمەڵگایەکی دیاردا دەبەخشێ.

زانای زمانەوانی فەرەنسی (جان بیار بریسە ١٨٣٧-١٩٢٣) پێیوایە مێژوی مرۆڤایەتی لە ناوەڕۆکی زماندایە، وشە مێژوە، ئەو مێژوەش ڕەنگدانەوەی مێژوی بەدواداگەڕانە، ڕەنگدانەوەی مێژوی مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەی زمانە لە جیهاندا.(لوسرکل، ٢٠٠٥، ص١٣٣) لە هەمو کۆمەڵگایەکدا سروشت و قەبارەی هەرچۆنێک بێت، زمان ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی دەبینێت، بەوپێیەی کە بەهێزترین هۆکاری پێکەوەبەستنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەیە و لە هەمانکاتیشدا هێمای چالاکییە هاوبەشەکانیانە.(نهر، ١٩٨٨، ص١٩)

زمان پەیوەستیەکی بەهێزە، کە دەتوانێت ئەندامانی کۆمەڵگا کۆبکاتەوە، پەیوەندییەکانیان بەهێز بکات و لەیەک جەستەدا بیانخاتەڕو، یەک هزر و یەک بیرکردنەوەی گشتیان بۆ دروستدەکات. مرۆڤ لە ڕێگەی خەت و نیشانە و هێماکان و وێنەکان دەتوانێت هزرەکانی خۆی بە کەسانی تر نیشان بدات، ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ئاژەڵەکان جیادەکاتەوە توانایی مرۆڤە لە دامەزراندنی پەیوەندی ئاڵۆزدا، ئەم پەیوەندییە هێماییە وەرگرتنی کلتور ئاسانتر دەکات و کلتور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازێتەوە.

مرۆڤ بە سود وەرگرتن لە هێماکان بە سێ شێوەی سەرەکی پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دەبەستێت، ئەمانەن: ١. **زمانی قسەکردن و ئاخاوتن**، کە بەو مۆدێل و نمونە دەنگییە فرەچەشنانە دەگوترێت کە فێربون و پەیوەندی ئاسان دەکات، ٢. **زمانی نوسین**، کە لەڕێگەیەوە زمانی ئاخاوتن تۆمار دەکرێت و دەنوسرێت، لە ئاکامدا میراتی کلتوری کۆمەڵگا دەپارێزرێت. مرۆڤ لەڕێگەی زمانی نوسینەوە توانیویەتی ئەو بەشانەی کلتورەکەیان کە گرنگە و وەک



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

شێوازەکانی چارەسەرکردنی نەخۆشی و تەکنیکەکانی وەرزێری و ئامرازەکان و ...هتد تۆمار بکات. ٣. **زمانی جەستەیی**، کە ئاڵوگۆڕی واتاکان و کلتور و لەڕێگەی ئەنجامدان و دۆخی جەستەیی دابیندەکات. بەپێی ئەوەی کە گوتران دەتوانین بڵێین زمان توخمێکی کلتوری و گوێزەرەوەی کلتوریشە و لە تایبەتمەندییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤە، کە کۆمەڵگای مرۆیی لە کۆمەڵگای ئاژەڵی جیادەکاتەوە.(وسوقی، ٢٠١٣، ١٣١)

زمان وەکو پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری دادەنرێت، بەو پێیەی کە زمان وەک چالاکییەکی کارا لە ناو کۆمەڵگادا دەتوانێ هەمو تاکەکانی کۆمەڵگای تێدا ڕێکبخرێت، هەروەها دەکرێت بە پێوەرێک بۆ جیاکردنەوەی مرۆڤ لە سەرجەم بونەوەرەکانی تر. کاتێک لێکۆڵینەوە لە زمان لەڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت، تیشک دەخرێتە سەر ئەو لایەنانەی کە پەیوەندیدارە بە ئەرکەوە، ئەو ئەرکانەی زمان لە کۆمەڵگاکاندا جێبەجێیدەکات، لەبەرئەوەی زمان گرنگترین ئامرازە، بۆ جێبەجێکردنی چالاکیە کۆمەڵایەتی و بیری و مەعریفییەکان. گرنگترین و کاریگەرترین ئەرکی زمان لە ناو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا بریتییە لە ئاسانکردنی کاری پەیوەندیکردن و لە یەککەیشت لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگادا، گرنگترین توخمیش لە کرداری پەیوەندیدا بریتییە لەو مانا کۆمەڵایەتیانەی وشە و ڕستەکان لە نێو کرداری ئاخاوتندا لە کاتی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی ئەنجامیدەدەن، چونکە ئەو مانایانەی وشەکان هەڵیدەگرن بریتییە لە وێنە و هەڵوێستی زەینی و سایکۆلۆجی دیاریکراو، کە تاکەکانی کۆمەڵگا درکی پێدەکەن.(ڕسوڵ، ٢٠٠٤، ل١٧٧).

وەک هەر توخمێکی تری کلتوری. لەڕێگەی ئەم خاڵانەوە گرنگترین ئەرکەکانی زمان لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگاوە، دەخرێنەڕو، کە ئەمانەن:

1. زمان ئامرازەکانی دەربڕینی هزر بە تاکەکان دەبەخشێت، لە هەمانکاتدا ئامرازی پارێزگاریکردنی ئەو ژیاریەشە، کە کۆمەڵگا پێیگەشتو و پێیدەگات.
2. زمان بەهۆکارێک بۆ فێربونی تاک دادەنرێت، تا ڕێنوێنی بکات بۆ ئەوەی ڕەفتار و سروشتی لەگەڵ ڕەفتار و عورف ودابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیاندا بگونجێنێت.
3. زمان بەهای کۆمەڵایەتی بە مەعریفە و بیرە مرۆییەکان دەبەخشێت.
4. زمان ئەو نەریتە کۆمەڵایەتیانە دەپارێزێت، کە نەوە لە دوای نەوە دەمێننەوە.(نهر، ١٩٨٨، ٦١-٦٢)
5. مرۆڤ زمان بەکاردێنێت وەکو ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری خۆی و کەسانی تر، وشەکان گرنگیی زۆر و ماناداریان هەیە لە ژیانی مرۆڤدا.(موحسنی، ٢٠٠٢ ، ل١١١)

هەورەها (براون و یول)ئەرکەکانی زمان لە دو زاراوەی گشتیدا دەخەنەڕو، ١.**ئەرکی گواستنەوە**، واتە ئەو ئەرکەی کە زمان بۆ دەربڕینی ناوەڕۆک بەکاریدێنێ، بۆ گواستنەوەی زانیاری بۆ بەرامبەر، کە دەبێ بە ڕونی پەیامەکانی بگەیەنێت ٢.ئەرکی هاوکاری و کارلێککردن، کە پەیوەستە بە دەربڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، واتە بەکارهێنانی زمان بۆ دامەزراندن و مانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.(Yul, 1983, p1-3)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

هەرچەندە بواری پەیوەندییەکانی کەسێک فراوان بێت، فەرهەنگی وشەکانی بەرەو زیادبون دەچێت، هەروەها دەربڕینەکانی هەمەجۆر دەبێت، بەڵام گەرهاتو پەیوەندی کەم بو و گۆشەگیر بو و بازنەی پەیوەندییەکانی سنوورداربو، ئەو شتانەی وەریدەگرێت کەم دەبێت و فەرهەنگی وشە و دەربڕینەکانیشی سنوردار دەبێت. واتە تا پەیوەندییەکان بەهێزتربن و گفتوگۆ زیاتر دەبێت، زمانیش بەهێزتر دەبێت، بەڵام لەم سەردەمەدا لەناو کۆمەڵگای کوردیشدا هەست بە لاوازبونی پەیوەندییەکان و گفتوگۆکان دەکرێت، بەو پێیەی بەجیهانیبون و تەکنۆلۆجیا خەریکی لاوازکردنی قسە و گفتوگۆیە و زمانی تەکنەلۆژی جێی دەگرێتەوە. ئەمە لە هەمو بازنەکانی پەیوەندیدا هەستی پێدەکرێت، هەر لە خێزانەوە کە گرنگترین سەرچاوەی فێربونی زمانە، تا ناوەندی گشتی و دامەزراوەکانی تر. لە لایەکی ترەو مالینۆفسکی دەڵێت : ئەرکی زمان تەنها تێگەیشتن و گەیاندن نییە، بەڵکو ئەرکی زمان بەستنەوەی زنجیرەیەک چالاکی ڕیکخراوی مرۆییە و بەشێکە لە ڕەفتاری. (السعران، ١٩٥٨، ص٤)

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگا لە گۆشەی ئەرکەکانی زمانەوە، پەیوەندییەکی ڕیشەییە، بەبێ زمان مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە نەیدەتوانی لە کۆمەڵگادا بژی و پەیوەندی دروستبکات و نەدەگونجا لەگەڵ کەسەکان و کۆمەڵگادا. هەروەها هەبونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و مرۆڤ بە جۆرێک ئەگەر زمان نەبوایە، قسەکەر نەدەبو. مرۆڤ لە ژێر کاریگەریی زمانە لە کۆمەڵگادا پەیوەندی دروستدەکات و دەژی و دەگونجێت و پێویستیەکانی پڕدەکاتەوە و داهێنان دەکات.

## ٣-زمان و ناسنامەی کلتوری و نەتەوەیی

ڕوانینێک هەیە، دەڵێت زمان نەک هەر ئامرازێکی گەیاندن و پەیوەندییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ نیشاندانی ناسنامەی نەتەوەیی، هاوپەیوەندیی نەتەوەیی و پێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان لە ناو کلتوری خۆیاندا. کەواتە، زمان جگە لە ئەرکی پەیوەندیکردن و دەربڕینی هزر، ئەرکێکی تری گرنگ هەیە، ئەویش پێکەوەلکاندنی سیستەمە هۆشەکی و کۆمەڵایەتی – کەلتورییەکانە. **(بیرگر و لوکمان)** پێیانوایە کە زمان توانای هەیە بوارە جۆراوجۆرەکانی نێو واقعیاتی ژیان پێکەوە گرێبدات، لە کۆمەڵگایەکی واتاداردا، کۆیان دەکاتەوە و دەبێتە هۆی پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەیی و وشیاری بەرامبەر بەم ناسنامەیە.(برگر، ١٣٧٥، ص٨)

ئەو پەیوەندییەی کە زمان و ناسنامە پێکەوەگرێدەدات گرنگە، بەو پێیەی زمان دادەنرێت بە یەکەم بنەمای جێگیر لە بنەماکانی ناسنامەی کلتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە ڕەگەزێکی ناوەندییە کە وا لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو دەکات کۆمەڵێک تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی هەبێت، کە جیایدەکاتەوە لە کۆمەڵگاکانی تر، ئەمە لەبەرئەوەی زمان بە شێوەیەکی بەهێز پەیوەیستە بە ناسنامەی مرۆڤەوە، ئەو بنەمایەیە کە پارێزگاری لە مێژو و کەلەپور و کلتور دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا زمان دادەنرێت بە بەرهەمهێنەری ناسنامە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

لەتەنیشت بونی ناسنامەی کەسی، مرۆڤ بە هۆی بون لەناو کۆمەڵگەدا هەڵگری ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتیشە، کە بەرهەمی لێکتێگەیشتن و قەبوڵکردنی کەسەکانە، کە وەک ناسنامەی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکرێت. ڕەهەندی سیاسی ئەو ناسنامەیە وەک ناسنامەی نەتەوەیی پێناسە دەکرێت.

لە دونیای هاوچەرخ و لەم سەردەمی بەجیهانیبونەدا، ڕۆڵ و گرنگیی زمان بۆ هەر نەتەوەیەک و بەتایبەت نەتەوە ژێردەستەکان، زیاتر لە هەمو کاتەکان چالاکتر خۆی دەنوێنێ و پارێزگاری لە زمان و کلتور، لەبەرامبەر تەوژمی زمانە باڵادەستەکان وەک ئەرک و ستراتیژێکی نەگۆڕ، لەلایەن دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە پەیڕەو دەکرێت. لە ڕاستیدا زمان بۆ هەر نەتەوەیەک وەک بەردی بناغە ئەژمار دەکرێت، سوربون لەسەر زمان بە ئەندازەیەکە کە بەشێک لە بیرمەندان پێیانوایە زمان پێوەری سەرەکیی بەخشینی ناسنامە بە کلتوریی نەتەوەییە، ئەمە وای لە داگیرکەران کردوە، پێش هەمو شتێک هەوڵی داگیرکاری لە زماندا بکەن و هەوڵی سڕینەوەی زمانی نەتەوە ژێردەستەکان بدەن.

داگیرکەران لەم پێناوەیشدا ڕێگە لە پەرەسەندنی زمانەکەیان و ڕۆڵی زمان لە دابینکردنی پێویستییەکانیان دەگرن، بۆ ئەوەی ئەم پێویستییانە، بە زمانی داگیرکەر دابینبکەن. ئەنجامی ئەمەش، هەستکردنە بە بێکەڵکیی زمانە بندەستەکە لەلایەن قسەکەرە ڕەسەنەکانییەوە. قسەکەری ئەم زمانە قەتیسکراوە، لەبەر نەبونی سەرچاوەی پێویست لە بوارە مەعریفیەکاندا، توشی نەخوێندەواری دەبێت و ناتوانێ تێکەڵ بە جیهانی زانیاریی و زانستیی نوێ بێت. بۆیە هەوڵدەدات پەنا بۆ جێگرەوەیەکی دیکە بەرێ، کە بە زۆری زمانی داگیرکەرەکەیە. ئەمە تواندنەوەیەکی هەژمونیانەیە، ئەم دەوڵەتانە پەیڕەوی دەکەن. هەر بۆیە، بەرگریکردن لە زمان، کەلتور و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە خۆڕسک و ژینگەییەکان، دەبێ بکرێتە بناغەی تێکۆشانی نەتەوەیی نەتەوەیەکی وەکو کورد. هەروەک (فرانز فانون ١٩٢٥- ١٩٦١) لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا بەناوی (پێستی ڕەش-دەمامکی سپی) لە وتاری (ڕەش پێستان و زماندا) هێزی کلتوریانەی زمانی لە دەقی کۆمەڵگای داگیرکراودا نیشانداوە و لای وایە کە ئاخاوتن بە زمانی خۆت واتای بون بەشێوەیەکی ڕەهایە لەبەرامبەی ئەوانی تر، مەبەستی ئەوەیە کە دەستەڵاتی زمانی داگیرکەران لە دورگەکانی (ئانتلی)دا خۆی گوزارشتە لە سەرکوتی زمان و کلتوری لۆکاڵ (وڵاتانی داگیرکراو)، کەرەستەیەکە بۆ زاڵبون بەسەر ڕەشپێستەکاندا، بە ڕای فانون ئاخاوتن بە زمانی داگیرکەر واتای سڕینەوەی باری ژیار و لە گۆڕنانی نەریت و مێژوەکەیان، ڕزگاربون لە کۆتوبەندی داگیرکەران گرێدراوی ڕزگاربونە لە بەندی زمان و کلتوری داگیرکەران(Fanon, 1989,p10).

بۆ کورد وەک نەتەویەکی بێدەوڵەت و بێکیان، ڕۆڵی زمان لە هەر فاکتەرێکی تری نەتەوەیی و کلتوری گرنگترە، چونکە یەکێکە لە توخمە کلتورییە بەهێز و ڕیشە داکوتوەکان. بەگوێرەی قوتابخانەی بڵاوبونەوەی کلتور، ئەم جۆرە توخمە کلتوریانەش هەم زۆر بڵاودەبنەوە و هەم درەنگ لە ناودەچن، هەروەها بەپێی قوتابخانەی بونیادی ئەرکی، گۆڕان لەم توخمە کلتورییە دەبێتە هۆی گۆڕان لە کۆی کلتوری گشتی و توخمە کلتورییەکانی تر، ئەوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

تێبینیدەکرێت، زمانی کوردیش وەک هەرتوخمێکی تری کلتوریی گۆڕانی بەسەرداهاتوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی دەوروبەر و دونیای تازە و بەجیهانیبون، کە ئەمەش بوەتە هۆی گۆڕان لە ڕەگەز و توخمەکاتی تری کلتور وەک دابونەریت و ئەدەب و هونەر و ...هتد و سەرەنجام ناسنامەی نەتەوەیی و کلتوری گرتۆتەوە. لەبەر گرنگیپێنەدانی و فەرامۆشکردنی و، نەبونی پلانی ستراتیژی بۆ برەودان بە زمانەکە و کردنی بە زمانی بنەڕەتی و قوڵی پەروەدەردەی فەرمی و خوێندن و توێژینەوەی زانستی، لاوازبونی بە ئاشکرای هەستپێیدەکرێت و، لە هەندێک ئاستدا ئیشی ڕیشیەیی کراوە لەسەر لاوازکردنی و سڕینەوەی، بەو پێیەی زمان بنەمایەکی جێگیر و سەرەکیی ناسنامەی کلتوری و نەتەوەییە، هەروەها لەبەرئەوەی زمان ڕیشەیەکی کلتوریی هەیە، بەلاوازکردنی و سڕینەوەی کاریگەریی گەورە دروستدەکات و بە گشتی ناسنامەی نەتەوەیی زۆر لاواز دەکات. بەڕونی تێبینی مردنی بەشێک لە وشەکان دەکرێت، بەتایبەت وشە دێرین و ڕەسەن و لادێییەکان، ئەو وشانەی لە ڕابردودا لە ژیان و پیشەی ڕۆژانەی ژیانی لادێ زۆر بەکارهاتون و بەتەواوی کوردی بون، کێشەی سەرەکی ئەوەیە بەشێکی زۆریان نەگوێزراونەوە بۆ بەکارهێنانیان لە ژیانی شاردا و زمانی تەکنەلۆژیا و بەجیهانیبون جێگای گرتونەوە، ئەمەش تا ئەو ئەندازەیەیە کە بەکارهێنانی هەندێ وشە زۆر نامۆ و بێگانە دێتە بەرچاو، لە کاتێکدا بە تەواوی کوردین و پێشتر بۆ ژیان و کار و پیشەی ڕۆژانە بە کارهاتون. واتە ئەو گۆڕانەی کە لە زماندا هاتۆتە کایەوە زیاتر گۆڕانێکی دەرەکییە، کەمتر هەست بە گۆڕانی ناوەکی لەناو خودی زمانەکە دەکرێت، گۆڕانی ناوەکی بەو مانایەی زمانەکە تازەکرابێتە و دەوڵەمەندکرابێت و زمان خۆی خۆی نوێکردبێتەوە، کە ئەمە گۆڕانێکی داهێنەرایانەیە و لەناو خودی زماندا ڕودەدات، بەڵام کاتێ گۆڕانەکە دەرەکییە، ئەوەیە کە لە بەرەنجامی باڵادەستی زمانی تر و کەلێنی زمانی و گرنگینەدان بە زمانی دایک، پەنا بۆ وشەی تری ناکوردی ببرێت بۆ مەبەستی ژیانی ڕۆژانە. کە بێگومان لەڕوانینی مرۆڤناسیدا کە پێیوایە هیچ کلتورێک کلتوری زاڵ و باڵادەست نییە بە بەراورد بە کلتورێکی تر و هیچ زمانێک باشتر نییە لە زمانێکی تر، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە زمان لە دایکبوی کۆمەڵگاکەی خۆیەتی وپێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە پردەکاتەوە، ئەم زمانە بەرەنجامی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئیکۆلۆژییەکان لەم کۆمەڵگایەدا دروستبوە و گونجاوە بۆی، هیچ زمانیک ناتوانێت جێگای بگرێتەوە، چونکە مرۆڤەکان تێکەڵ و ئاوێزانن لەگەڵ کلتور و زمانیان، بەوپێیەی بەم زمانە بیردەکاتەوە و بەم زمانە ڕوانینی بۆ دونیا هەیە و کەلەپورێکە کە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی لەسەرکراوە. کەسەکان لە سایەی زمانی دایکدا بیر دەکەنەوە. زمان بەرهەمی گیانی نەتەوەکانە و ناکرێ ئەندامانی کۆمەڵگا لە زمانەکەیان جیابکرێتەوە.

لەلایەکی ترەوە جگە لە کاریگەریی بەبەرنامە و دەستکردی زمانی وڵاتانی دەوروبەر، لە ئێستادا زمانی کوردی لەژێر هەرەشەی بەجیهانیبوندایە، بەوپێیەی زمان پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە بۆ هەر گەلێک، بەوەی کە دادەنرێت بە کەرەستەی بیرکردنەوە و چەمکەکان و ماناکان دیاریدەکات، بۆیە جیهانگیری ئەمە ڕەتدەکاتەوە و زمانی ئینگلیزی کە زمانی تەکنەلۆجیاو ئینتەرنێتە زاڵدەکات. هەروەها جیهانگیری کاریگەریی لەسەر واقیعی زمانەوانی داناوە،



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11**

بەشێوەیەکی بەرفراوان لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی یەک کلتور لە یەک چوارچێوەدا، کە وای لە دونیا کردوە، بچێتە ناو ململانێ و جەنگێکی زمانەوانیەوە، کە دروستبو لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی جۆراوجۆری زمانی و باڵادەستی یەک زمانی کە ئینگلیزییە. لە لایەکیترەوە دروستکردنی چەمکی تازەی جیهانی و جێلەقکردن بە چەمکە لۆکاڵییەکان یەکێکە لە نیشانەکانی جیهانگیری و لە کۆمەڵگای کوردیشدا تێبینی دەکرێن. هەروەها دانان بە زمانە بیانییەکان کە زمانی سەرەکین و پێدانی قەبارەیەکی فراوان لە خوێندندا، کە ئەمە دادەنرێت بە هەنگاوێکی کاریگەر بۆ سڕینەوە و کاڵکردنەوەی ناسنامەی کلتوری و نەتەوەیی.

هەروەها گەر ئاماژەیەک بدەین بە سەرچاوەکانی وەرگرتن و فێربونی زمان کە بریتین لە (خێزان، باخچەی ساوایان و خوێندنگا، زانکۆ، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سەرچاوەی تری وەک ئینتەرنێت و کتێب و ...هتد)، لەسەر هەریەکێک لەم سەرچاوانە تێبینی زۆر هەیە، بۆ نمونە خێزان کە بەسەرچاوەی یەکەمی فێربونی زمان دادەنرێ، گەر جاران پەیوەندییەکان تیایدا بەهێز بوبێت و گفتوگۆ و قسەکردنی زۆری تێدابوبێت، لە ئێستادا ئەندامانی خێزان کەمترین کات یەکتر دەبینن، ئەوەندی یەکتریش دەبینن سەرقاڵی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانن، کە زمانی ئینگلیزی تیایدا زاڵە، یان لانیکەم قسەکردن و گفتوگۆ تیایدا بونی کەمە و بێدەنگییەک باڵی کیشاوە بەسەر ماڵەکاندا، ئەمە کاریگەریی نەرێنیی هەیە بەسەر فێربونی زمانی دایک لەڕێگەی خێزانەوە. خاڵێکی تر ئەوەیە کە دایک و باوک ڕۆژانە خەریکی کارن و منداڵەکانیان لە دایەنگە و باخچەی ساوایان دادەنێن، بەشێکی زۆری ئەو دایەنگا و باخچانە کەمترین مەرجی زمانیان تێدایە و تەنانەت بەشێکیان وەک تایبەتمەندیەکی گرنگ، تەنانەت زمانی کوردیان هەر نییە و بە زمانی ئینگلیزی یان زمانی تر دەدوێن. هەروەها بە دەگمەن کەناڵێکی کوردی هەیە، بایەخ بە پەروەردەی زمانی کوردی بدات، بەڵکو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی کارکردنیان ئاکامەکەی لاوازکردنی زمانی کوردییە (بەمەبەست یان بێمەبەست). هەروەها دامەزراوەی زانکۆ، کەمترین ئیشی لەسەر ئەوە کردوە کە زمانی کوردی کە زمانی دایکە بکرێت بە زمانی زانست و یارمەتی دەوڵەمەند کردنی سەرچاوەی کوردی بدات. هەروەها لە هەندێک شوێنی گشتی ئەم هەرێمەدا کە نوسراوە هەڵواسراوەمان و تابلۆکانی ناوبازار و دەخوێنیتەوە وا هەستناکەیت لە شارێکی کوردیدایت، هەست بەشێواوی و شڵەژاویەکی زمانەوانی دەکرێت. ئەمانە و زۆر تێبینیتر، کە بەشێکی زۆری پەیوەندیی بە گرنگینەدانی لایەنی پەیوەندیدارە بە زمان و هەستنەکردنە بە گرنگیی زمانی دایک و پەیوەندی بە توخمە کلتورییەکانی تر و کاریگەریەکانیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ هەر کۆمەڵگایەک. ئەو زمانەی یەکەم زمانە منداڵ قسەی پێدەکات و فێری دەبێت. ئەم زمانە لە کاتی منداڵیدا گەشەدەکات و جیاوازە لە زمانێک کە منداڵ دواتر فێری دەبێ، چونکە مندال بە زمانی دایکی، جیهانی ناوەکی و دەوروبەری خۆی دەناسێ و وێنای دەکات و، دواتریش ئەم وێناکردن و پێدانی ناسنامە بە شتەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری، خۆی هەڵقولاوی ژینگە و کلتوری گشتیی کۆمەڵگایە و پەیوەستە بە کۆی توخمە کلتورییەکانی تر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

## ٤-دەرئەنجام

1. زمان تایبەتە بە مرۆڤ و لە بونەوەرەکانی تری جیادەکاتەوە، لەسەرەتای دروستبونی مرۆڤەوە هەبوە لە سادەترین شێوەیدا ئاماژە و هێمابوە و بەردەوامیش لەگەڵ گەشەکردنی کلتور و شارستانیەت پەرەیسەندوە، تا گەیشتۆتە قۆناغی ئەمرۆ. زمان لە دایکدەبێ و دەگۆڕێت و گەشە دەکات، هاوکات لاوازدەبێت و لەناویشدەچێت.
2. زمان خاوەنی کۆمەڵێک ئەرکە، ئەرکی زمان لە هەر کۆمەڵگایەکدا ڕێ بە تاک دەدات بۆ تێرکردنی پێویستییە بنەڕەتییەکانی لە ناوکۆمەڵگاکەی، هەروەها لەڕێگەی زمانەوە تاک دەتوانێت تەحەکوم بە ڕەفتاری خۆی و ڕەفتاری ئەوانی تر بکات. زمان ڕەگەزێکی سەرەکییە کە کاردەکات لەسەر پەیوەستی و یەکبونی کۆمەڵگا، لەڕێگای ڕۆڵی وەک ئامرازێکی گەیەنەر لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگایەک و نەوەیەک بە نەوەیەکی تر. پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە لە گەیاندنی کۆمەڵایەتی، کاریگەریی زمان بە ئەندازەیەکە، کە کۆمەڵگا بەبێ زمان نابێت.
3. زمان بابەتی سەرەکی زانستی زمانە، بەڵام دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیشە و توخمێکی کلتوریشە، بۆیە مرۆڤناسیی کلتوری بە یەکێک لە بابەتەکانی توێژینەوەی خۆی دەزانێ. لە ڕوانینی مرۆڤناسیدا، زمان توخمێکی بنەڕەتیی کلتورە، میکانیزمی لێکگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان و بەزیندوراگرتنی پێکهاتەکانی تری ناو کلتورە، واتە زمان وەک توخمێکی کلتوری بڵاودەبێتەوە، خۆشی ئامرازی سەرەکی بڵاوبونەوەیە.
4. لە ڕوانینی مرۆڤناسیدا هیچ زمانێک لە زمانێکی تر چاکتر و باشتر نییە، هەروەکچۆن هیچ کلتورێک لە کلتورێکی تر باشتر نییە، بەڵکو هەندێک زمان گرنگیی زیاتری پێدراوە و بە بەرنامە خزمەتی زیاتری کراوە، وەک گرنگیدان بە نوسین بەو زمانە و دەوڵەمەندکردنی و، کردنی بە زمانی زانست و خوێندن، توێژینەوەکردنی و بەکارهێنانی لە بواری جیاجیای وەک زمانی چالاکی ڕاگەیاندن و زمانی خوێندن و زمانی بڵاوکردنەوە و وەرگێران و...هتد.
5. بە ڕەچاوکردنی کات و شوێن، بە شێوەی ڕێژەیی گۆڕان لە هەر توخمێکی کلتوری دەبێتە هۆی گۆڕان لە کلتوری گشتی و توخمە کلتورییەکانی تر، چونکە لە پەیوەندییەکی ئەرکی تەواوکاریدان، لەبەرئەوە گۆڕانە زمان بوەتە هۆی گۆڕان لە توخمە کلتورییەکانی تر و لە ئاکامدا کاری کردۆتە سەر ناسنامەی کلتوری و نەتەوەییش.

## ٥- پێشنیار و ڕاسپاردە

1. ئەنجامدانی توێژینەوەی هەمەلایەن لەسەر کۆی توخمە کلتورییەکانی کۆمەڵگا، بەو پێیەی هەر یەک لە توخمە کلتورییەکان لەسەر یەکتر و کۆی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا هەیە.
2. گرنگیدان بە توخمە کلتوری زمان و، ئەنجامدانی توژێنەوەی زانستی و ورد و بەرفراوان و هاوبەش لە ڕوانگەی زمانناسی و مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی، بەو هۆکارەی کە زمانی کوردی لە دونیای ئێستاماندا لەبەردەم چەندان گۆڕانکاری و ئاڵنگاری نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیدایە و پێویستە بە گرنگی وەربگیرێت و کاریگەری و گۆڕانکاریەکانی بخرێنەڕو، کە کاریگەرییەکانی لەسەر کۆی ژیانی کلتوری و کۆمەڵایەتین.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

3. حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بە زمانی دایک بدات، کە کۆڵەکەی سەرەکی ناسنامەی کلتوری و نەتەوەییە و، بەوردی چاودێری زمانی کوردی لە دامەزراوەکانی و کەرتی پەروەدە و خوێندن بکات و پەرەیپێبدات.

# Language as an Element of Culture
## An Anthropological Perspective

**Darezh Wrya Mohammed**



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11**

Sociology Department, College of Humanities, University of Sulaimani, Sulaimani،Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

With the creation of human, language has emerged in order to communicate and meet their needs, although it has enhanced gradually in different stages until it reaches this level we have had now, so it can be said that language is one of the characteristics that distinguishes human beings from other creatures, this is mean that language is one of the basic human needs for social life and daily work.

In the anthropology filed, language occupies a wide space, since it is the study of human as an intelligent and cultured creature. Moreover, language is one of the basic cultural elements and at the same time the transmitter and disseminator of culture. It is also a means of communication and a builder of relationships, which is important in the field, since the social structure of societies is made based on relationships.

Language is of fundamental importance in human life. Although the characteristic of linguistics is that it studies language and analyses it at a deep linguistic level, it also becomes the field of anthropological research as a cultural element. Hence, the subject of the research is how anthropology views the cultural element of language. How does it fit into anthropology in relation to culture and as a cultural genre? The aim of this study is to theoretically show the relationship between anthropology and language in general, to point out the structure and function of language as an important cultural element, and to show the situation of Kurdish language in relation to cultural identity.

Language and culture are in a dialectical relationship. Language is part of culture and at the same time the transmitter and protector of culture, since culture is the complex in whole that is received by individuals as member of society, language becomes important, since language is the main means of acceptance. The importance of language in identifying culture. It has been said that the language of a nation or society is the key to identifying their culture, it is also strongly linked to cultural and national identity and is considered a fundamental basis of identity. As a result, language has changed more under the influence of external factors, which has had a relative impact on all other cultural elements and social life.

**Keywords**: Anthropology, Language, Culture, Identity.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11**

## سەرچاوەکان

بەشیریە، حسەین(٢٠٠٧) تیۆری کلتوری، و: مەنسور تەیفوری، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

تیلیون، مستەفا (٢٠١٦) دەروازەیەکی گشتی لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوە، و: نادیە وەلی جەبار، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە، هەولێر.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

ديورانت، ويل (٢٠٠٧) مێژوی شارستانیەت، و: ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ڕەسوڵ، ڕێبین و دیار عەزیز (٢٠٠٤) ئەنترۆپۆلۆژیا، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر.

شوانی، ڕەفیق (٢٠١٠) زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، گۆڤاری کۆمەڵناسی، ژ. (٥،٦)، کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان، هەولێر.

شوانی، محەمەد(٢٠١٧) بنچینەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای گشتی (بەرگی یەکەم)، بڵاوکراوەی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، هەولێر.

فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١٣) تابۆ وەک نمونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور،بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

کەمریَ، بیرناند و ئەوانی تر(٢٠٠٧)، زمان، و: کامیل محمد قەرەداغیی، بەڕیوەبەرایەتی خانەی وەرگیران، هەولێر.

موحسنی، مەنوچێهر(٢٠٠٢) دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانیتر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

هینلە، پۆل (٢٠٠٦) زمان-هزرو کولتور، و: ڕەحیم سورخی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

وسوقی، مەنسور و عەلی ئەکبەر نیک (٢٠١٣) بنەماکانی کۆمەڵناسی، و: سیروان محمد حاجی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

بعلبكي، رمزي (١٩٨١) الكتابه العربية والسامية،داراالعلم الملايين، بيروت.

خرما، نايف (١٩٧٨) أضواء على دراسات اللغوية المعاصرة، عالم المعرفة، الكويت.

السعران، محمود (١٩٥٨) اللغة والمجتمع رأى ومنهج، المطبعة الاهلية، بنغازى.

سليم، شاكر مصطفى (١٩٧٥) المدخل الى الانثروبولوجيا، مطبعة عانى، بغداد.

كوش، دنيس (٢٠٠٧) مفهوم الثقافة فى العلوم الاجتماعيه، ت: منير السعيدانى،المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

لوسركل، جان جاك (٢٠٠٥) عنف اللغة، ت: محمد بدوى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

معاذ، مها محمد فوزى (٢٠١١) الانثروبولوجيا اللغوى، دارالمعرفة الجامعية، الاسكندرية.

نهر،هادى (١٩٨٩) علم اللغة الاجتماعى عند العرب، دار الغضون، بيروت.

نجلز، فردريک، (؟) اصل العائلة والملكية الخاصة، ت: احمد عز العرب،

هيجمان،روى.سى (١٩٨٩) اللغه والحياة والطبيعة البشرية، ت: داود حلمى احمد سعيد، الكويت.

وصفى، عاطف (١٩٧١) الانثروبولوجيا الثقافيه، بيروت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11

یوسف، جمعه سید، (١٩٩٠) سیکولوجیة اللغة والمرض العقلی،سلسلة عالم المعرفة، الکویت.

روح الامینی ، محمود(١٣٧٢) مبانی انسان شناسی، تهران، عطار.
روح الامینی، محمود(١٣٨١) زمینه فرهنگ شناسی،انتشارات عطار، تهران.
برگر، پیتر و توماس لوکمان(١٣٧٥) ساخت اجتماعی واقعیت، ت: فریبرز مجیدی، انتشارات علمی – فرهنگی، تهران.
بیتس، دانیل و فرد پلاگ (١٣٧٥) انسانشناسی فرهنگی،ت: محسن ثلاثی،انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
ریویر، کلود (١٣٧٩) در امدی بر انسان شناسی، ت: ناصر فکوهی، نشر نی.
فکوهی، ناصر (١٣٨٥)، پاره‌های انسانشناسی، نشر نی، تهران.
مهند، محمد ڕاسخ (١٣٩٣) *درآمدی بر زبانشناسیی شناختی*. سمت ،تهران.

32. Yul , and Brown.(1983) Discourse Analysis, Cambridge university press.

33. Chomsky, Noam,(1986) Knowledge of Language: Its Nature, Origin and Use. New York.

34. Fanon, Frantz, Black Skin-White Masks, (1989) Grover press, New York.

35. Strauss, Claude Levi,(1979) structural anthropology, Alein Lane, London.

36. Ronald, Wardhaugh and Janet m.fuller , Ronald(2006) ,An Introduction to Sociolinguistics, Blackwell,Uk.



[i] بونیادی وەزیفی(پێکهاتەی ئەرکی) یەکێکە لە تیۆر و قوتابخانەکان لە ناو زانستی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی، هەروەها وەک میتۆدی توێژینەوەش بەکاردێت کە مەبەست لێی ئاماژەدانە بە پێکهاتە و و ئەرکی هەر توخمێکی کلتوری لە چوارچێوەی گشتی کلتوردا، بۆ دەرخستنی ئەرک و فرمانی تەواوکاری توخمە کلتورییەکان و پەیوەندیی نێوانیان وەک بەش لە ناو گشتدا، ئەکرێت ئەم گشتە کلتور یان بونیادی کۆمەڵایەیی کۆمەڵگا بێت.
[i] میتۆدی مێژویی یەکێکە لەمیتۆدەکان، کە بۆ توێژینەوەی مرۆڤناســـیش بەکاردێت، ئاماژەدانە بە مێژوی ســـەرهەڵدان و دروســـتبونی توخمە کلتورییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی، لەڕێگەی سەرچاوەی نوسرا و گێڕانەوەی مێژویی و بەڵگەنامەکان و بیرەوەری و ...هتد.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11**

Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper11